گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue3 2024
ID No. 1720 (PP 75-91)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.3.5

توێژینەوە

# ستایشی ئایینی شاری ئەربائیل (هەولێر) لە ئەدەبی ئاشوری نویٚ لە ژێر ڕۆشنایی هۆنراوەیەكی ئاشوربانیپال(668-627 پ.ز)

**كاروان صديق بكر بلباس/** بەشی شوێنەوار، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە كە بەناونیشانی (ستایشی ئایینی شاری ئەربائیل (هەولێر)ە لەئەدەبی ئاشوری نویٚ لەژێر ڕۆشنایی هۆنراوەیەكی ئاشورپانیبال(668-627 پ.ز))ە، تیشك دەخاتە سەر گرنگی شاری ئەربائیل (هەولێر) لەمێژوو و شارستانییەتی میزۆپۆتامیا لەسەدەی حەوتەمی پێش زایین، لەڕوانگەی لێكدانەوە بۆ دەقێكی مێخی وەرگێڕاو، كەبەبەرهەمێكی گرنگی ئەدەبی ئاشوری دادەنرێت، بەوەی كەخودی پاشاكانی ئاشوری ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیاری نووسینیان بوون. هەرچەندە بەشێكی زۆری دەقە مێخییەكە شكاوە بەهۆكاری سروشتی ومرۆیی. بەڵام لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر بەبەراورد بەدێرە هۆنراوەكانی تر كەوا بۆ شارە هاوتاكانی ئەربائیل لەسەدەی حەوتەم پێش زایین نووسراون، وەك: پایەتەختەكانی تری ئاشوری شیكاری كردووە. توێژینەوەكە پشتی بەستووە بە شیكردنەوەی تیۆری وبەراوردكاری زانستی شوێنەواری و، ڕاڤەكردنی توێژینەوەكە بەرهەم ودەرئەنجامی خوێندنەوەی چەندین دەقی ئەدەبی وئایینی هاوشێوەیە و، توێژەر تیایدا هەوڵیداوە دەقێكی ئەدەبی گرنگ كە هۆنراوەیەكی نووسراوی 2600ساڵ پێش ئێستایە، بەشێوازێكی ووردی زانستی شوێنەواری و، بەپشتبەستن بەتایبەتمەندیەكانی نەریتی وكلتوری ئایینی ئاشوری كۆن و، بە هەڵسەنگاندنێكی ئەدەبی شیبكاتەوە. كەواتە گرنگی توێژینەوەكە لەوەیە بۆ یەكەمجار دەقێكی مێخی ئەدەبی مێژوویی كۆن وگرنگ بەووردی وبەتەواوی بەزمانی شیرینی كوردی شیبكرێتەوە لەڕووی هزری ئایینی و، كلتورو ژیان وشارستانی كۆنی شارەكە و، تیایدا شكۆی ئایینی ڕابردووی شارەكە ڕوون دەكاتەوە.

CORRESPONDENCE
كاروان صديق بكر بلباس
Karwan.bekr@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/02/05
پەسندكردن 2024/03/17
بڵاوكردنەوە 2024/06/15

**وشە سەرەكییەكان:**
شاری ئەربائیل
خواوەندی عەشتار،
پەرستگای عەشتار،
ئاشورییەكان،
ئاشوربانیپال.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

### 1- پێشەکی:

ئاشکرایە ئەدەب بەرهەمی جوڵەی عەقڵی مرۆڤە، سەرەتای مێژووی ئەدەب پێش نووسین کەوتووە؛ پێشەکی لەعەقڵ وهۆشدا بوو لەسەرزمان بووە و، ئەوساتەی هێشتا نووسین دانەهێنرابوو و، بەقسەکردن دەربڕراوە و، بەزار دەگوێزرایەوە. بەرەبەرە هەرنەتەوەیەك کەئەهات شتێکی تری لێ زیاد ئەکرد، واتە بەگشتی، ئەم پرۆسە هێواشە هۆشەکییە وایکرد مرۆڤەکان کەوتنە ئەوباوەڕەی ئەگەر بێتو هەربەوجۆرە بمێنێتەوە دەرئەنجام لەبیریان ئەچێتەوە، ئەم پێویستییە وابوو؛ لەگەڵ بەرەو شارستانێتی بوونی مرۆڤ لەماوە نیوەی کۆتایی هەزارەی چوارەمی پێش زایین و وپێشکەوتنی نووسین لە نیوەی هەزارەی سێیەمی پێش زایین بە ڕێنووسی مێخی نووسراونەتەوە. ئەم دەقە ئەدەبیانە لەناوەڕۆکدا هەڵگری پەیام ونەریت وکلتوری ئایینی وکۆمەڵایەتی ئەوسا بوون، بەشێوەیەك پیاهەڵدان بەشکۆی خواوەندەکان و، جێگای شانازی پاشایانی وڵاتی دووئاوان (میسۆپۆتامیا) بوون. بۆ ئەوە هەوڵی لەبەرگرتنەوە وپاراستن وهەڵگرتنی ئەو دەقانە لەلایەن پاشایان لەپێشەنگی کارەکانیان بووە، بەتایبەت لەهەزارەی یەکەمی پێش زایین، لەلایەن پاشایانی بابلی نوێ (625-539 پ.ز) و، ئاشوری نوێ (911-612 پ.ز)، زۆر هەوڵیانداوە بۆ پاراستن و ولەبەرگرتنەوەی دەقە ئەدەبییە کۆنەکانی پێش خۆیان، وەك: سۆمەری وسۆباری وئەکەدی و، دواتر ئەرشیفکردن وخوێندنەوە وفێرکردنی قوتابیان لەکتێبخانەی پەرستگاو کۆشکەکانییان، ئەمانە بەڵگەن؛ گرنگی ئەو دەقانە دەسەلمێنن لە بڵاوکردنەوەی زانست وزانیاری و، زانینی کولتورو ئەدەبی پێشینەکانییان.

لەکۆتاییدا مێژووی ئەم دەقە هۆنراوە مێخییەی شاری هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوری نوێ (911-612 پ.ز)، لەماوەی حوکمڕانی پاشا ئاشوربانیپاڵ لە(668-627پ.ز)..

### 2- ناوەڕۆکی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە حەوت تەوەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت، تەوەری یەکەم: باسمان لە شوێنی دۆزینەوەی خشتە قوڕە نووسراوەکە کردووە، کەوا هۆنراوەکەی (ئەربائیل)ی بەڕێنووسی مێخی لەسەر تۆمارکراوە. لە تەوەری دووەم: باسێکی ووردی خشتە قوڕییە نووسراوەکەمان کردووە. لە تەوەرەی سێیەم: توێژەر باسی هۆنراوەکانی ئاشوری نوێ و، باسێکی هۆنراوەکەی ئەربائیل دەکات. لە تەوەرەی چوارەم: باسێکی مێژووی یەکەم خوێندنەوەی هۆنراوەکەمان کردووە، هەروەها هەموو ئەو توێژەرانەی کاریان لەبارەوە کردووە. لەتەوەرەی پێنجەمدا: هەردوو وەرگێڕانی هۆنراوەکەی (ئەربائیل) مان نووسیوەتەوە، بۆ بەرچاو ڕوونی توێژەرانی زمان، گەیشتنی خوێنەر بەسەرچاوەی خوێنراوە مێخییەکە. هەرچی تەوەرەی شەشەمە: گرنگترین تەوەری توێژینەوەکەمانە و، هەڵساوین بەوەرگێڕانی دەقەکە لەزمانەکانی لاتینی- ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی و، دواتریش شیکردنەوەی دێرەکانی هۆنراوەکە و، شرۆڤەکردنی لەڕووی شوێنەوارییەوە. ئەنجامی توێژینەوەکە: چەند خاڵێکی گرنگ لەخۆ دەگرێت کەتوێژەرانی پێش ئێمە نەگەیشتوون پێی. لە پەراوێزەکان: هەموو ئەو ووشەو زاراوانە باسکراون کەلەناوەڕۆکی توێژینەوەکە هاتوون. لەکۆتاییدا لیستی سەرچاوەکانە: کەبریتیین لەگرنگترین ئەو سەرچاوانەی توێژەر پشتی پێبەستووە.

### 3- شوێنی دۆزینەوە:

دەقی هۆنراوەکە لەبنەڕەتدا تەنها یەك دانە خشتە لەو کۆمەڵە خشتە نووسراوە مێخییانەی دۆزراوەتەوە لەگردی سوڵتان تەپە[1]، لەنێوان ساڵانی (1951- 1953ز)، گردەکە پاشماوەی شارێکی کۆنە و، لەدەقەکاندا بەناوی (خوزیرینا/ هوزرینا) هاتووە. کەیەکێك بوو لە سەنتەری هەرێمەکانی ژێردەستی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری نوێ (Lloyd, S., and Gokçe, N., 1953, p.27)، لەئێستادا پاشماوەی گردی سوڵتان تەپە لەپارێزگای (شانلی ئورفا)یە لەکوردستانی باکور و، لەسەر هێڵەکانی درێژی وپانی گۆی زەوی (38.906-37.050) هەڵکەوتووە و، ڕووبەرەکەی (60000م2)ە، بڕوانە (شێوەی1).

هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکانی سوڵتان تەپە لەلایەن تیمێکی هاوبەش لەمۆزەخانەی شوێنەواری- تورکی لەشاری ئەنقەرە بەسەرۆکایەتی (نوری گۆکچە) و، پەیمانگای شوێنەوارناسی- بەریتانی بەسەرۆکایەتی (سیتۆن لۆید) ئەنجامدراون ( Lloyd, S., and Gokçe, N., 1953, pp.27-45.). ئەم خشتە قوڕەی هۆنراوەکەی ئەربائیل (هەولێر)ی لەسەر نووسراوە؛ ئێستا لەمۆزەخانەی شارستانی (ئەستەمبۆڵ)ە لە وڵاتی تورکیا پارێزراوە.



(شێوەی1) گردی سوڵتان تەپە، وێنەیەکی وەرگیراوە لەمانگی دەستکردی (کۆرۆنا سەتەلایت)، بڕوانە:
https://corona.cast.uark.edu/atlas#zoom=16&center=4331171,4446099

## 4- وەسفێکی خشتەکە:

یەك دانە خشتی قوڕە سورنەکراوەتەوە، لەسەر دوولای خشتەکە (پێشەوە وپشتەوەی) بەنووسینی مێخی نووسراوە (شێوەی2)، بەزمانی ئەکەدی شێوەزاری ئاشوری نوێ. خشتەکە شکاوە و زیانێکی زۆری بەرکەوتووە، بەمەش بەشێکی زۆری هێماکانی هەردوولای پێشەوە و پشتەوەی وونبوون، ئەوەی ماوەتەوە ئاماژە بە بوونی (٥٨دێڕ) نووسینی مێخی دەکات کەدووبارە بەشێکی دێڕەکان بەهۆی داڕووشانی ڕووەکانی خشتەکە  بەشێك لەهێماکانی نادیارن و، بەمەش هۆنراوەکە هەندێك دێری پچڕاوە بەهۆی ئەو شکاوی و، ڕووشاویەی خشتەکە کەئاماژەمان پێیکرد. چەند هێمایەکیش لەئەنجامی بەراوردکاری نێوان دێرەکان لەلایەن پسپۆڕانی زمانە کۆنەکانەوە سەلمێندراون، دەرئەنجامی بەبەراوردی ووردی نێوان دێرەکانی سەرەتا وناوەڕاست وکۆتایی هۆنراوەکە.




(شێوەی2) دوولای(پێشەوە وپشتەوەی) ئەو خشتەی هۆنراوەکەی شاری ئەربائیل (هەولێر)ی بە نووسینی مێخی لەسەرنووسراوە، لەمۆزەخانەی ئەستەمبۆڵە. بەدەستکاریەوە وەرگیراوە لە (MacGinnis, 2013, p.111).

## 5- تایبەتمەندی هۆنراوەکانی ئاشوری نوێ و، هۆنراوەکەی ئەربائیل بەنموونە:

سەردەمی ئاشوری نوێ (911-612 پ.ز)، دەقە ئەدەبیەکان نەریتێکی باوی جێماون، بەتایبەت ماوەی نێوان سەدەی حەوتەم وهەشتەمی پێش زایین. سەرەتا وەك هەر دەقێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵکراوە، کەبەڕێنووسە مێخی شێوەزاری ئاشوری نووسراوە، بەڵام سەرنجدانی لێکۆڵەرانی بواری زمان بۆ بوونی کێش وسەرواى دێرەکان، گۆشکراون بەوەی ناوی بنێن (هۆنراوەکان- Poems)؛ بریتیین لەکۆمەڵێك دەقی ئاشوری و، لەشارەکانی ژێر هەژموونی سیاسی ئاشوری دۆزراونەتەوە. ، ( Metcalf, 2015, pp.5-7;

(Livingstone, 1989, p.xxII)، لەو دەقە هۆنراوانەدا، هۆنەر (شاعیر) سۆزی تەواوەی دڵی خۆی ئەخاتە دڵی خوێنەر و، لەسەرچاوەی بیروباوەڕی خۆی ئاوی دڵی ئەدات، کەئەمەش خەسڵەتێکی تەواو ئەدەبییانەیە وگۆڕینەوەی هەست وگوزارەیە و، لەئەدەبیاتی ئەمڕۆدا بە (ڕوونبێژی- ڕەوانبێژی) پێناسە دەکرێت (گەردی، 1972، 18).

دەقە هۆنراوەکانی سەردەمی ئاشوری نوێ لەناوەڕۆك جۆراوجۆرن و، ئاڕاستەی (خواوەندەکان و، پەرستگاکانیان و، پاشاکان و، شارەکانیان) کراون (Livingstone, 1989, p.xxv)، بەگشتی ئەم دەقانە لەچوارچێوەی ستایشن و، بەداڕشتەیەکی ئەدەبی هووشەکاری(مبالغة) هۆنراونەتەوە. شایەنی باسە دەرکەوتنی ئەم دەقە ئەدەبیانە کۆنترن ومێژووەکەیان بۆ سەردەمی سۆمەری کۆن (2950-2350پ.ز) دەگەڕێتەوە وستایشەکان ئاڕاستەی (خواوەندەکان وپەرستگاکانیان) کراون. لەماوەی حوکمڕانی بنەماڵەی ئوری سێیەم(2112-2004 پ.ز) ستایشی پایتەختیان کردووە، کەئەوسا شاری (ئور)[3] بوو، بەڵام بەگشتی پێش هەزارەی دووەمی پ.ز ژمارەی دەقە ستایشییەکانی تایبەت بەشارەکان بەبەراورد بەسەردەمی ئاشوری نوێ کەمترن (Metcalf, 2015, pp.2-12). وادەردەکەوێت لەسەردەمی ئاشوری نوێ ئەم دەقە ئەدەبیانە گەشەی سەندبێت، وەکو نەریتێکی ئەدەبی ئایینی چەند دانەیەك کۆپیکراون و، هەرکۆپیەك ئاڕاستەی هەرێمەکانی تری ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی ئاشوری و، هەروەها پایتەختەکانی تریان کراون؛ بەڵگەشمان بۆئەمە دۆزینەوەی کۆپی ئەو هۆنراوانەن لەدەرەوەی سنووری هەرێمایەتی شاری ستایشکراو؛ واپێدەچێت شارێکی ستایشکراوی وەك (ئەربائیل- هەولێر) کۆپیەکی ڕەسەنی هۆنراوەکەی پاراستبێت و، لەبۆنەو مەراسیمە ئایینیەکان بەهۆنراوە وئاواز ومۆسیقاوە ووترابێت، وەك (جەژنی سەری ساڵ-ئەکیتۆ) کەلە هەولێر لەناوچەیەکدا بووە بەناوی((Milkia)) بەواتای ((کۆشکی چەمەکان)) و، لەمانگی پێنج ((ئابو-Ab)) ئەنجامدراوە، بڕوانە (النعيمى، 2011، 85-86، 91).

شوێنەوارناس (هاری ساگز) پێیوایە ئەم دەقە ئاشورییە ئەدەبیانە، بەتایبەت ئەو هۆنراوانەی کەبۆ شارەکان نووسراون؛ لەڕاستیدا بۆ پڕوپاگەندەی سیاسی بوون لەدژی دەوڵەتی بابلی نوێ (626-539 پ.ز) و لەژێر پەردەی ئایینیدا هۆنراونەتەوە بەمەبەستی دەربڕینی تواناو جەوری خواکانی ئاشوری لەسنوری ئیمپراتۆریەتەکەیان کەبونیاتیان نابوو بەرامبەر خواکانی بابلی (2008، 432-433). بەو هۆیەوە هۆنەری ئاشوری لەداڕشتنی هۆنراوەکەدا کاریگەری تەواوی داڕشتنی ئەدەبی بابلی پێوە دیارە[2]، سەرەڕای ئەوەی پاشای ناوبراو پاشایەکی بەهێز وجەنگاوەرێکی ئاشوری دیاربووە، بەڵام زۆرگرنگی بەئەدەب وزانست وزانیاری وکارەکانی پاشایانی پێش خۆیداوە و، لەوبوارەدا زۆر شانازی بەنووسراوەکانیەوە دیارە. بەڵام وادەردەکەوێت هەوڵێکی بەئاشوریکردن لەئەدەبیش هەبووبێت وەك چۆن لەهونەری ئاشوریدا هەستی پێدەکرێت لەماوەی خوکمڕانی ئاشوربانیپالدا (Livingstone, 1989, p.xxII)، وەڕەنگە پەیوەندی بەو چاکسازییە ئایینیانەوە هەبێت کەپاشای ناوبراو لەلوتکەی دەسەڵاتی ئاشوریدا پێشنیازی کردوون، بڕوانە (بلباس، 2022، 49-50).

دەقی هۆنراوەکەی شاری ئەربائیل (هەولێر)؛ بریتییە لەیەکێك لەوهۆنراوە نەریتییانەی بۆ (ستایشی شارەکە وخواوەندە مێینەکەی نووسراوە کە(عەشتاری جەنگ) بوو. دەقەکە بە ژمارە (8) لە ئەرشیفی دەقە دۆزراوەکانی سوڵتان تەپە تۆمارکراوە ( Livingstone, 1989, p.xxI). هۆنراوەکە باسی گرنگی شاری ئەربائیل و، ڕۆڵگێڕانی خواوەندەکەی عەشتاری جەنگ دەکات لەسەرخستنی قەڵەمڕەوی وفراوانکردنی دەسەڵاتی ئاشوری (عودة- وزيباري، 2017، 5). بەگشتی دێرەکانی هۆنراوەکە ستایشی شکۆی ئایینی خواوەندەکەی شاری (ئەربائیل)ی ئەوساو (هەولێر)ی ئێستا دەکات، کەلەنووسراوەکانی ئاشوری بەشاری (ئەربا-ئیل) ناوی هاتووە، کەبەواتای لێکدانەوەی فەرهەنگی و وشەیی زمانی ئەکەدی- ئاشوری بە(LIMMU2-DINGIR) هاتووە بەمانای شاری (چوار-خواوەند)دێت، کەپێمان وایە واتاکەی ڕابەری تەنها پەرستنی چوارخواوەند ناکات لەشارەکە، چونکە بەهەمان شێوە لەداڕشتەی ناوی کۆنی شارکاندا، وەك: کەرکوك بە(أرابخا) بە(LIMMU2-ḫa) هاتووە، بەواتای لێکدانەوەیی فەرهەنگی بەمانای شاری (چوار ماسی) دێت، بڕوانە (لابات، 95، هێمای:124). ئەمەش دەیسەلمێنێت مانا داڕشتەییە زمانەوانییەکەی ئاماژەیەکی تەواونییە بۆ واتایی ڕەسەن و، ناوی تەواوی شارەکە.

### 6- خوێندنەوەی هۆنراوەکە لەمێخییەوە:

ئەم هۆنراوەیە بۆیەکەم جار  لەساڵی (1952- 1953ز) لەلایەن پسپۆڕی زمانە کۆنەکان (Ebeling) لەمێخییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەڵمانی و، لەگۆڤاری (Archiv für Orientforschung) بڵاوی کردووە (1952-53, pp.274-282)، بەڵام لەڕووی وەرگێرانەوە هەندێك هێمای مێخی شیکردنەوەی تەواوی بۆ نەکرابوو، تاوەکو ساڵی (1989ز) بەکارێکی بن کەم وکوڕی وبەهاوبەشی لەنێوان پسپۆڕانی بیانی لەهەردوو ئەکادیمیای (Deutsche Orient-Gesellschaft) و (The Academy of Finland BIBLIOTECA) بەسەرپەرشتی زانکۆی هێلیسنکی لەوڵاتی فنلەندا و، لەژێر ناوی ئەرشیفی نووسراوە مێخییەکانی دەوڵەتی ئاشور[4] ولەبەرگی سێیەم بڵاوکرایەوە، بڕوانە (Livingstone, 1989, p.xxII).

لەخوارەوە تەواوی هۆنراوەکە بەخوێندنەوە لاتینییەکەی و، وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەی دەنووسینەوەو، ئینجا بەووردی وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی ولێکدانەوەیەکی واتایی ئەدەبی وگوزارشتی شارستانیانەی کۆنی بۆدەکەین، بێگومان لەڕوانگەی زانستی شوێنەوارییەوە، بەڵام بەرلەوەی بچینە سەر شرۆڤەکردنی ناوەڕۆکی هۆنراوەکە، کۆمەڵێك ئاماژە وهێما هەن شوێنەوارناسان لەوەرگێڕانی دەقە مێخیە کۆنەکاندا بەکاریان هێناوە و، لەخوارەوە دەیانخەینەڕوو بۆبەرچاو ڕوونی خوێنەر (خشتەی1)، ئەوانیش:

| هێماکان | ماناکان |
|---|---|
| ! | هێمای بەرچاو بەشێوەی نائاسایی(زۆر دووبارە بۆتەوە) |
| [..............] | نەخوێنراوەتەوە و، ژمارەشیان نازانرێت بەهۆی شکاوییەوە. |
| ( ) | ئەم ووشانەی بەبۆچوونی وەرگێری مێخی زیادکراو بۆ دەقەکە. لەئەنجامی نزیکی دێرەکان ودووبارە بوونەوەی ووشەکان و، بەراوردکردنیان بەیەکتر. |
| [ ] | ئەم نیشانانەی لەدەقە مێخییەکەدا شکاون، بەڵام بەبۆچوونی وەرگێڕەکەی لاتینی زیادکراوە بۆ دەقەکە، گوایە نزیکترینن لەهێما مێخییە شکاوەکەی ناو دەقەکە. |

(خشتەی1) لیستی هێماکان و واتایان لەناوەڕۆکی وەرگێڕانی هۆنراوەکە لەلاتینی و دواتر بۆ ئینگلیزی لەدەقە ڕەسەنە مێخییەکەوە

### 7- وەرگێڕراوە (لاتینی - ئینگلیزی) ەکەی هۆنراوەکە:

#### 1. ڕووی پێشەوەی دەقەکە:

| دێر | لەلاتینییەوە بۆ ئینگلیزی | لەمێخییەوە بۆ لاتینی |
|---|---|---|
| 1 | Arbela, O Arbela, | *URU.arba-il URU.arba-i[l]* |
| 2 | Heaven without equal, Arbela! | *AN-e šá la šá-na-ni URU.arba-i[l]* |
| 3 | City of merrymaking, Arbela, | *URU ni-gu-ti URU.arba-i[l]* |
| 4 | City of festivals, Arbela! | *URU i-si-na-ti URU.arba-i[l]* |
| 5 | City of the temple of jubilation, Arbela! | *URU É hi-da-a-ti-e URU.arba-i[l]* |
| 6 | Shrine of Arbela, Lofty hostel, | *e-a-ak URU.arba-il aš-ta-mu $i-ir-r[u]* |
| 7 | Broad temple, sanctuary of delights! | *É.KUR.RA šu-un -du-lu BARAG $i-ha-a-t[i]* |
| 8 | Gates of Arbela, the pinnacle (of) holy to[wns]! | *Ba-áb URU.arba-il šá-qu-u ma-ha-z[u?]* |
| 9 | City of likenesses, Arbela! | *URU tam-ši-la-a-ti URU.arba-il* |
| 10 | A bode of jubilation, Arbela! | *mu-šab hi-da-a-ti URU.arba-il* |
| 11 | Arbela, temple of reason and counsel! | *URU.arba-il É tè-e-me u mil-ki* |
| 12 | Bond of the lands, Arbela! | *ri-kis KUR.KUR.MEŠ URU.arba-il* |
| 13 | Establisher of profound rites, Arbela! | *mu-kín GARZA ru-qu-ú-ti URU.arba-il* |
| 14 | Arbela is as lofty as heaven. | *ki-I AN-e šá-qi URU.arba-il* |
| 15 | Its foundations are as firm as the heavens. | *SUHUŠ.MEŠ-šu ku-un-na ki-I šá-[ma-mi]* |
| 16 | The pinnacles of Arbela are lofty, it vies with […]. | *šá URU.arba-il šá-qa-a SAG.MEŠ-šú: iš-ta-na-na-an X[X]* |
| 17 | Its likeness is Babylon, it compares with Assur. | *tam-ši-il-šu KÁ.DINGIR.RA.KI ši-na-su URU.aš-šur? [X]* |
| 18 | O lofty sanctuary, shrine of the fates, gate of heaven! | *Ma-ha-zu $i-ir-ru BARAG NAM.TAR.MEŠ KÁ.GAL AN-e* |

| | | |
|---|---|---|
| *a-na lib-bi-šú e-ra-bu ma-da-nat ma-ta$^{?}$-ti* | Tribute from [all la]nds enters into it. | 19 |
| *$^{d}$15 ina ŠÀ-bi uš-bat $^{d}$na-na-a DUMU.MÍ $^{d}$30 X[XXX]* | Ištar dwells there, Nanaya, the […] daughter of *Sîn*. | 20 |
| *$^{d}$ir-ni-na SAG.KAL DINGIR.MEŠ $^{d}$IS.TAR-tú bu-kur-tú X[X]* | Irnina, the foremost of the gods, the first-born goddess […]. | 21 |
| *URU an-ni URU šá MIN šá $^{d}$na-na-a TUŠ-tu-an-ni-tú* | City of consent, city of ditto of Nanaya, this abode! | 22 |
| *[XX] URU.arba-ìl ina-kàl X[XXXX]* | […is] Arbela in all […]! | 23 |
| *[ina-ma-ta]-a-ti DÙ-ŠI-NA: ul i-ma -šal[XXXX]* | [Among] all the [lan]ds […] does not rival […] | 24 |
| *[XXX]X É hi-da-a-t[i]* | […] temple of jubilation. | 25 |
| *[XXXX]X ú-la-lu-ma ana ri-[XXX]* | […] purify and […] | 26 |
| *[XXXXXX]X É.GAŠAN.KALAM.MA a[r X]X a[XXX]* | [……] *Egašankalamma* … […] | 27 |
| *[XXXXXXX]X ú [XX] ki-I X[XXXX]* | [……] like [……] | 28 |
| *[XXXXX] X-an-ni X[XXX]X ma [XXX]* | (Break) | 29 |
| *[XXXXX] hi[XX] [XXXX]* | (Break) | 30 |
| *[XXXXXX] šá-qu-ú X[XXXXX]* | [……] lofty [……] | 31 |
| *[XXXX] XX É u URU URU[XXXX]* | [……] temple and city […] | 32 |
| *[XXXXX] XXX me-lu-la X[XXXX]* | [……] play [……] | 33 |

(خشتەی2) ڕووی پێشەوەی دەقە هۆنراوەكە- وەرگێرانی لە ڕێنووسی مێخییەوە بۆلاتینی و، دواتر لەلاتینییەوە بۆ ئینگلیزی.

## 2. ڕووی پشتەوەی دەقەكە:

| لەمێخییەوە بۆ لاتینی | لەلاتینییەوە بۆ ئینگلیزی | دێر |
|---|---|---|
| *[XXX]X de e ⸢X⸣ GI[MXXX]* | […]…like [……] | 1 |
| *KUR.KUR.MEŠ DÙ-ši-na i-ri-šà il-⸢X⸣-[XXXX]* | All the lands rejoice [……] | 2 |
| *a-li-ku-ti šá URU.arba-il u i-ri-bu-t[i-šu]* | Those who leave Arbela and those who | 3 |
| *Ha-di-u ⸢i-riš⸣ -šu u i[l-XX]* | enter it are glad, they rejoice and …[…]. | 4 |
| *$^{d}$GAŠAN ina UGU UR.MAH uš-bat ina UGU a[n XX]* | The Lady is seated on a lion, on a …[…]; | 5 |
| *UR.MAH.MEŠ KALAG.GA.MEŠ šá-pal-šá ka-an-[$u]* | mighty lions crouch beneath her. | 6 |
| *LUGAL.MEŠ ⸢KUR⸣ pa-ni-šá-a ⸢kat⸣ -mu [o]* | The kings of (all) land(s) are overwhelmed before her, | 7 |
| *[XXX š]a e-tal-lut ú-ma-me ⸢X X⸣ [X]* | [she holds] domination over beasts […]. | 8 |
| *Kàl UDU.[SISKUR.SISKUR].MEŠ ina tu-⸢ub šà⸣ –[b]i [X]* | All kinds of sac[rifice]s […] in elation, all | 9 |
| *Kàl ma$-ha-a-[t]i ina tu-⸢ub šà⸣ –[bi X]* | Kinds of offering flour […] in elation. | 10 |
| *⸢MU X⸣ ki-⸢sal XX⸣ na-bé-e URU.arba-il na-di [X X X X]* | …… of bright Arbela is put in place [……]. | 11 |
| *a-rim pi-g[u$^{?}$] -ú ša ir-[X X X X]* | The *pigû* instrument of …[……] is turned! | 12 |
| *a-rim pi-l[ag] -gi ša LÚ.⸢X⸣- [X X]* | The lyre of the [assin]nu is turned! The … of | 13 |
| *a-rim BÀ[D X] -ú-ti ša LÚ. Kur-ga-ri* | The *kurgarrû* is turned. The …[…] is turned (to) | 14 |
| *a-rim ⸢an⸣ X[X] ⸢in⸣-hi ša kul-⸢ma⸣-š[á-a-ti]* | The songs of the *kulmaš[itu] hirodules.* | 15 |
| *a-rim dub-dub-bi ⸢X⸣-hal-la ša li-li-[sa]-⸢a⸣-[ti]* | The *dubdubbu* is turned, the …of the kettle[drums]! | 16 |
| *Ha-di lib-[b]u ⸢X⸣ [XX] šá-pal ta-ni-[XXX]* | The hea[rt …] is glad under the …[…]. | 17 |
| *URU.arba-il ri-šá [x x] UN.MEŠ i-ri-[šu xx]* | Arbela rejoices! The people are rejoicing […]. | 18 |
| *$^{d}$GAŠAN ri-šat x[x x (x)] x[x x x x x x x ]* | The Lady rejoices [……]; the house of | 19 |
| *i-ri-ša É ha-[X X X X X X ]* | [……] rejoices! | 20 |
| *É.KUR ku-uz-bu ⸢za⸣ -u-⸢un$^{?}$⸣ [x x x x x x]* | The temple is adorned with attractiveness [……], | 21 |
| *$^{d}$GAŠAN ša É$^{!}$ Šá URU.arba-ìl i-ri-ša lib-b[a-šá x x]* | The Lady of the house of Arbela rejoices, [her] heart […]. | 22 |
| *Ina ni-gu-ti-šá ⸢ú-ru-ku-te-bu⸣- [x x x ]* | By her merry-making are lengthened | 23 |
| *ša ⸢x x ki⸣ [x x] URU.⸢arba-ìl⸣ [x] ku x[x x]* | the […] of […] Arbela [……]. | 24 |
| *X[x x x x]x URU.ki li-be-el ki [x x]!* | [……] your city, may it rule …[…]! | 25 |

(خشتەی3) ڕووی پشتەوەی دەقە هۆنراوەكە- وەرگێرانی لە ڕێنووسی مێخییەوە بۆلاتینی و، دواتر لەلاتینییەوە بۆ ئینگلیزی.

**8- وەرگێڕانی دەقەکە بۆ سەر زمانی کوردی و، ڕاڤەکردنی:**

توێژەر دوای وەرگێڕانی دەقەکە بۆ سەر زمانی کوردی، ڕاستەوخۆ ڕاڤەی دێرەکانی هۆنراوەکە دەکات. لەڕاڤەکردنی هۆنراوەکەدا دێرەکان بە تاك وکۆ شیدەکاتەوە، واتە: لەوشوێنانەی هۆنراوەکە پێویستبێت تەنها یەك دێر شیدەکاتەوە، بەپێچەوانەوە هەندێك کات پێویستە چەند دێرێك بەیەکەوە شیبکاتەوە، بەتایبەت ئەو دێرانەی لەڕووی واتاوە تەواوکەری یەکترن. هەموو ئەمانەش بۆ سودی خوێنەرە؛ تاوەکو لەهۆنراوەکە تێبگات، بەتەواوی. هەروەها توێژەر هەوڵیداوە بەپشتبەستن بەرچاوگەکانی ئەدەب وڕەوانبێژی دێرەکان شیبکاتەوە، کەئەمەش ئامانجی توێژەرە بەخوێنەران بڵێت ونیشانی بدات کەمێژووی ئەدەب زۆر کۆنترە لەوەی بیری لێکردۆتەوە.

**1. ڕاڤەکردنی دێرەکانی ڕووی پێشەوەی دەقەکە:**

**1، 1. ئەربائیل، ئەی ئەربائیل!**

**1،2. بەهەشتی بێهاوتا، ئەربائیل!**

**- دێری(1، 1)؛** ئەی: ئامرازی بانگهێشت یان بانگکردنە، لەزمانی عەرەبیدا (حرف النداء)ی پێدەوترێت (ئەی!)،(خۆشناو، 2013، 139-140)، بەواتای دەربڕینی هەستی سەرسوڕمانە لەبری خۆشەویستی وخۆشی ولاواندنەوە دێت، لەدەستپێکی هۆنراوەکە، هۆنەر ڕاستەوخۆ سەرسوڕمان وستایشی خۆی دەردەبڕێت بۆ شاری ئەربائیل.

**- دێری(2.1)؛** هۆنەر ئەربائیل بەبەهەشتێکی بێ هاوتا ناودەبات، ئەم پیاهەڵدانە هووشەکارییە[5]،(گەردی، 1972، 101)، وبەراوردکرنی بەبەهەشت هەم بۆ سەقامگیری وهەروەها بەهێزی شارەکە وبەرزییەکەیەوە بووە لەڕوانگەی بیروباوەڕی ئەوان، هۆنەر لە دێرەکانی هۆنراوەکە، بڕوانە (3.1، 4.1، 14.1، 15.1، 16.1) زیاتر ڕوونکردنەوە دەدات؛ بۆچی ئەربائیل بەهەشتە؟.

**3.1. شاری چێژەکانە، ئەربائیل!**

**4.1. شاری بۆنەکانە، ئەربائیل!**

**5.1. شاری ماڵی دڵشادییە، ئەربائیل!**

**- دێری(3.1)؛** ئەربائیل شوێنێکی چێژبەخشە و، شوێنی چێژوەرگرتنە: چەندین سەرچاوەی چێژ بۆ مرۆڤ هەن، گرنگترینیان بریتین لە: 1- هەستە جۆراوجۆرەکان، وەك: بینین، بیستن، تامکردن، بۆنکردن و دەست لێدان، دەبنە هۆی هەستکردن بە چێژ و دڵخۆشی، بۆ نموونە: گوێگرتن لە مۆسیقای دڵخواز یان بینینی دیمەنە جوانەکان. 2- چالاکی جەستەییەکان، وەك: ئەنجامدانی ڕاهێنانی سەربازی، سەماکردن، وهتر. 3- ژیانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندە بە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، وەك: یاریکردن و پێکەنین وقسەو گاڵتەوگەپ لەگەڵ هاوڕێیان یان پاڵپشتی و هاوکاری لەلایەن خێزان و ئازیزانەوە. 4- هەست و سۆز، ئەزموون و هەستە ئەرێنییەکان کە سرووشبەخشن و، بۆ ئارەزووی هەنگاونان بەرەو پێشەوە. 5- خواردن و خواردنەوە، وەك: خواردنی بەتام و خواردنەوەی ئاوی میوە وشەراب دەبێتە هۆی هەستکردن بە چێژ و ئاسوودەیی. 6- سێکس، وەك: چالاکی جەستەیی بە یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی چێژ لە جەستەی مرۆڤ دادەنرێت، بەهۆی بەختەوەری لەکاتی جووتبووندا. شایەنی باسە لەوانەیە ئەم سەرچاوانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بن، بەگشتی وادەردەکەوێت کەئەربائیل/ هەولێری ئەوسا لەو سەردەمەیدا شوێنی کات بەسەربردن وسەیرانگای دڵڕفێن و ورووبار وکانیاوی شیرین وبێستان وکێڵگەی جۆراوجۆر و، بەپیتی هەبووبێت.

**- دێری(4.1)؛** ئەربائیل شاری ڤێستیڤاڵ وئاهەنگەکانە: شارەکە دەستی گرتووە بەسەربۆنە ورێوڕەسمە ئایینییەکان و، ئەم چالاکیانە ئەنجامدراون بەگوێرەی ساڵنامەکانی ئاشوری، بەتایبەت جەژن و ئەو بۆنانەی تایبەت بووە بەخواوەندی شارەکە عەشتار(خواوەندی جەنگ وجوانی وسێکس)، وەك: ئاهەنگی سەری ساڵ ((ئاکیتۆ)) بۆماوەی دوانزە ڕۆژ بەردەوام بووە و، هەروەها ئاهەنگی هاوسەرگیری پیرۆزو، جگە لەئاهەنگەکانی تەواوبوونی دروستکردنی پەرستگا و، کۆشکی پاشایەتی و، سەرکەوتن لەجەنگ و، هەڵبژاردنی جێنشین وتاج لەسەرنانی. هەندێك لەو ئاهەنگانە ماوەی هەفتەیەك زیاتر بەردەوام بووە و، هەندێکی تریان تەنها لەماوە ڕۆژێك ئەنجامدراوە وهەروەها قوربانی ودیاری پێشکەش بەخواوەندی شارەکە وپاشاکەی کراون، بڕوانە (النعیمی، 2011، 48-52، 77-98).

**- دێری(5.1)؛** شاری ماڵی دڵشادییە، واتە: شاری ماڵی خواوەندە: یەكێك لەتایبەتمەندی شارسازی گشت نەتەوە کۆنەکانی (دووئاوان- میسۆپۆتامیا) ئەوەبوو پەرستگای خواوەندی سەرەکی شارەکە لەچەقی شار بنیاتنرابوو، ئەمەش بۆ ئەو پاشخانە فیکری ورۆحیە دەگەڕایەوە کە پێیان وابوو خواوەندەکە هەموو پێداویستییەکانی شارو گەلەکەی فەراهەمکردووە و، کێشەی ژیان نییە لەوشارە وتەنها شادی خۆشی لەسایەی خواوەندەوە دەردەبڕن. لەئاکامی ئەو پەیوەستە ئایینی ورۆحییە ناوی پەرستگاکەیان بەناوی خواوەندەکە نەهێناوە، بەڵکو نازیازیان بەکارهێناوە وەك (ماڵی دڵشادی، ماڵی پیرۆز، ماڵی ڕووناك، ماڵی جێگیر و، هتر)، (بلباس، 2022، 117-123).

**6.1. ڕووگەکانی ئەربائیل، کاروانسەرای خانەدانان!**

**7.1. ((ئیکور-را))یەکی ژووردار، پەناگەی خۆشی!**

**- دێری(6.1)؛** ڕووگەکانی هەولێر، ماڵی گەورەی بەمیوان: واتە ئەو ژوورە پیرۆزانەی ناو پەرستگا کەپەیکەری خواوەندەکانی تێدا پەرستراون لە شاری هەولێر، لەو سەردەمە کاروانسەرای خانەدانان بووە: واتە نەجیمزادەکانی سنووری وڵاتی ئاشور بەگشتی سەردانییان کردووە و، دیارییان پێشکەشی کردووە و، پاڕاونەتەوە لەو ڕووگانەی هەولێر و، ڕەنگە بەشێکیشییان شەوان مابنەوە پشوویان دابێت، لەناو ژووری تایبەت لەپەرستگاکان و، خزمەتکرابن. سەبارەت بە ووشەی ڕووگە، کەلە وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەیدا (shrine)ە واتە: (مەزار)، پێمانوایە لەڕووی واتاو سەردەم وپێکهاتەی بیناسازی ئایینی کۆن مەزار ناگونجێت، چونکە شوێی ناشتنی کەسێکە، بەڵکو (ڕووگە) گونجاوترە کەلەزمانی عەرەبی هاو واتایە لەگەڵ (قبلة)واتە: شوێنی نوێژوو پاڕانەوە (بلباس، 2020، 52-53).

**- دێری(7.1)؛** ئیکورایەکی ژووردار: واتە پەرستگایەکی فراوان، بڕگەی (É.KUR.RA) سۆمەرییە بەواتای (ماڵی چیا) دێت (لابات، 2004، هێمای:324، لا326)، کەئەمەش نازناوی ڕووگە وپیرۆزگای هاوبەشی[6] خواوەندەکانی(عشتار) و (ننلیل)بوو ( George, 1993, 90-96)، دووەمیان: ژنی خواوەندی (إنلیل)[7]ە و، داپیرەی عەشتاربووە بەباوەڕی ئەوان. پەناگەی خۆشی: پیرۆزگایەکە شوێنی داڵدەدانی دڵ وجەستەیە بەزیکرو نۆشینی شەراب.

**8.1. دەروازەکانی ئەربائیل، لوتکەی شارە پیرۆزەکان!**

**9.1. شاری پەیکەرەکان، ئەربائیل!**

**10.1. نیشتمانی خۆشییە، ئەربائیل!**

**11.1. ئەربائیل! ماڵی ئەقڵ وئامۆژگارییە،**

**12.1. پێوەندی وڵاتان، ئەربائیل!**

**- دێری(8.1)؛** دەروازەکانی شاری ئەربائیل، لوتکەی شارە پیرۆزەکانە: لێرەدا هۆنەر خواستی ڕامانی لەڕەگەزی ڕەوانبێژی بەکاردێنێت، بڕوانە (گەردی، 1972، 78-79)، واتە لەوەسفی دەروازەکانی تێڕاماوە بەوەی (هەر لە دەروازەکانی شارەکە هەست بەبەرزی وپیرۆزیەکەی دەکرێت)، وادەردەکەوێت ڕووکاری شارەکە جێگای سەرنج وئەوپەڕی هونەری جوانکاری ئاشوری تێدا بەکارهاتبێت، بەڵام هیچ شتێکی لەبارەی بیناکارییەکەی باس ناکات؛ چونکە هۆنەر مەبەستە سەرەکیەکە باسدەکات ئەویش (لوتکەی شارە پیرۆزەکان)ە، بۆ ڕۆڵی شاری هەولێرە لەوسەردەمە لەڕووی سیاسی وئابووری وئایینی.

**- دێری(9.1)؛** شاری پەیکەرەکانە ئەربائیل: واتە شاری پەیکەری خواوەندەکانە، مەبەستی ئەو پەیکەرانەیە کەوا لەبەر داتاشراون بۆ خواوەندەکانیان. چاوەکانییان بەبەردی بەنرخی عەقیقی سورو فەیروزی شین و دیوراێتی ڕەش دەرخوارد (تطعیم) دەکرا، ملوانکەی زێڕو زیووییان لەگەردن کردوون و، جلی ئاوریشمی گرانبەهایان بەبەرداکردوون، چونکە بەبیروڕای ئەوان؛ ئەم پەیکەرانە ڕۆح لەبەرن ونوێنەرایەتی خودی خواوەندەکانیان دەکرد لەناو پەرستگا (رینغر، 1979، 201).

**- دێری(10.1)؛** نیشتمانی خۆشییە ئەربائیل: (نیشتمانی خۆشی، یان وڵاتی شادی) چەمکێکە یان دەستەواژەیەکە لەبەرهەمە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکاندا دەبینرێت، کەلە واقیعدا بوونی نییە. بەڵام هۆنەر دەتوانێت ئەم دەستەواژانە بە شێوەیەکی مێتافۆریک(لەپشت پەردەی سروشت) بەکاربهێنێت بۆ وەسفکردنی شوێنێک یان دۆخێکی بوون کە بەخۆشی و، ئەرێنی و، ڕازیبوون تایبەتمەندە. نوێنەرایەتی دیدێکی یان شوێنێکی یۆتۆپیایی-(نیشتمانێکی خەیاڵی) دەکات کە مرۆڤەکان لە هەموو لایەنەکانی ژیانیاندا ئەزموونی خۆشی دەکەن.

- **دێڕی(11.1)؛** ئەربائیل شاری عەقڵ وئامۆژگارییە: واتە شاری کولتوور وفێرکردن ونووسینی زانستی ئایینی وگەردوونییەکانە، وادیارە ئەرشیف وکتێبخانەی هەبووە؛ لەڕاستیدا شارە ئایینیە کۆنەکان گەورە وبەناوبانگ بوون بە کتێبخانە، بەتایبەت لەسەدەی حەوتی پێش زایین کە دۆزینەوەی کتێبخانەکەی پاشا (ئاشوربانیپال) لە نەینەوا نموونەیەکی دیار و، بەڵگەیەکی گومانبڕە. وەهەروەها لەژێر ڕۆشنایی دەقە مێخییەکان شوێنەوارناسان سەلماندوویانە، بەقوتابخانە ووتراوە ((إی-دوببا)) واتە (خانووی خشتە نووسراوەکان) و، بەقوتابیش ووتراوە ((دومو-إی-دوببا)) واتە: (کوڕی خانووی خشتە نووسراوەکان) و، بەنووسەر ووتراوە ((دوب-سار)) و، مامۆستای زمانی سۆمەری بە (دوبسار- ئاشاگ) ناوی براوە و، بەپەیمانگا ووتراوە ((بیت- مومی)) واتە: (ماڵی ژیری-بیت الحکمة)، (لوکاس، 1980، 28-29، 60-65، لابات، 2004، 129: هێمای233؛ الجمیلي، 2001، 10-13؛ بلباس، 2022، 58-59).

- **دێڕی(12.1)؛** بێگومان بەهۆی شوێنە ستراتیجییەکەیەوە ئەربائیل پێوەندی وڵاتان بوو، کەتبووە نێوان هەرێمەکانی ناوەند ودەورووبەر بۆ ووڵاتی ئاشوری ئەوکات، کەئەمەش وایکردبوو هەڵمەتە سەربازییەکانی ئاشور بۆ سنوورەکانی باشور وڕۆژهەڵات وباکور لەوێوە بەڕێکراون (MacGinnis, 2013, pp.17-22, 31-36.). بەدڵنیاییەوە دەشتاییە فراوانەکانی هەولێریش دانەوێڵە وئازووقە وخواردن وخواردنەوەیان بۆسوپاکانی ئاشوری دابینکردووە.

**13.1. دامەزرێنەری مافە بچینەییەکان، ئەربائیل!**

**14.1. ئەربائیل پایەبەرزە وەك ئاسمان،**

**15.1. بناغەکانی پارێزراون، وەك ئاسمان چەسپاون.**

**16.1. ناوبانگەکانی باڵان ئەربائیل، لەکێبڕکێ دان [.............]**

**17.1. بەبابل دەچوێنرێت، کێبڕکێی ئاشورە.**

**18.1. پەرستگای بەرز، ڕووگەی چارەنووس، دەروازەی ئاسمان!**

**19.1. باجی ڕێزلێنانی بۆ دێت لەسەرتاسەری جیهان.**

- **دێڕی(13.1)؛** ئەربائیل دامەزرێنەری مافە بنچینەییەکانە: واتای مافە بنەڕەتییەکانە، هەرچەندە ناوەڕۆک و مەودای ووردی مافە بنەڕەتییەکان لەسەدەی حەوتەمی پێش زایین نازانرێت، ڕەنگە جیاوازبێت لەئەوەی ئێستا؛ کەتەنانەت لەسەرانسەری وڵاتاندا جیاوازە، کەبەگشتی مافە بنچینەییەکان ڕەنگدانەوەی نەریتە یاساییە جیاوازەکان و چوارچێوەی کۆمەڵایەتییە. بەڵام پرەنسیپی سەرتاسەری بریتییە لە دەستەبەرکردنی پاراستن و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاکەکان، وەك: ئازادی ڕەگەزی، ئازادی ئاین، بازرگانی، زۆرجار بریتین لە مافی ژیان، یەکسانی، مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و پاراستن لە جیاکاری. کەپێمان وایە ئەو جیاوازییە کلتورییە لەشاری هەولێر بوونی هەبووە، چونکە ئەربائیل (هەولێر) شارێکی کۆنی سۆباری/ خوری نشین بووە، بڕوانە (القرەداغي، 2008، 50-56؛ ئاکرەیی، 2019، 96-99، 119-127)، پێش داگیرکردنی شارەکە لەلایەن گەلی ئەکەدی ودواتر ئاشوریەکان. ڕەنگە بەشێوەیەك هاوشێوەی ئێستا؛ ئەم مافە بنچینەییانە بەزۆری لە دەستوورە نیشتمانییەکان و، ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان و بەیاننامەی پاشاکان جێگیرکرابن.

- **دێڕی (14.1)؛** ئەربائیل پایە بەرزە وەك ئاسمان: لێرەدا هۆنەر بەراوردی بەرزی شارەکە بەدەسەڵات وپایە بەرزی ئاسمان دەکات، چونکە بەبیروڕای ئەوان ئاسمان شوێنی تەختی خواوەند (ئانۆ)[8] یەو، دەسەڵاتی ئاسمانیش ڕەهایەو، لەسەرووی گشت دەسەڵاتەکانی سەر زەوییە و، باڵیکێشاوە بەسەریان، بڕوانە (بوتیرو، 2005، 50).

- **دێڕی(15.1)؛** واتە: بناغەکانی شاری ئەربائیل دەپارێزرێت لەلایەن خواوەندەکانەوە، وەك چۆن هێزی ئاسمان چەسپاوە و، هیچ کاریگەرییەك نییە لەسەری و، دەسەڵاتی ئاسمان ڕەهایە ولەهەموو شوێنێك بەسەرمانەوەیە، ئاسمان کاریگەری هەیە بەسەرهەمووان.

- **دێڕەکانی(16.1، 17.1)؛** ناوبانگەکانی ئەربائیل سنوورەکانی وڵاتی ئاشوری بڕیوە، لەجوانی شارسازی وتەلارسازی ئایینی، وەك: (بوونی زەقورە وپەرستگا وکۆشك وشورای بەرز)؛ لەشاری (بابل)[9] دەچێت. لەگرنگی پێدانی پاشایانی ئاشور وناوهێنانی زۆری شارەکە وخۆشەویستییان بۆ عەشتاری ئەربائیل ڕکابەری شاری (ئاشور)ە[10]پایتەختی نەتەوەی ئاشوریەکان. کەسەرەتا ئاشور شارێکی سۆباری/خوری نشین بوو، ناوە سۆبارییەکەی (بالتیل) بوو، بڕوانە (ئەحمەد، 2008، 33-36).

- **دێڕەکانی (18.1، 19.1)؛** پێگەی شاری ئەربائیل وەك شوێنی پەرستگایەکی بەرز وڕەسەن وبەناو بانگ لەناوچەکە دووپات دەکاتەوە، باس لەوە دەکات کەڕووگەی خواوەندەکەی ئەربائیل لەناو پەرستگاکەیدا چارەنووسی وڵات دیاریدەکات، دواتر هۆنەر

وەسفی شارەکە دەکات بە دەروازەی ئاسمان، چونکە بەبیروڕای ئەوان زەقورەکەی عەشتار کەلەسەرزەوی ئەربائیلە؛ بەواتای زەقورەکەی کەلەناو شارەکەیە دەروازەیە بۆ بڵندبوونەوەی عەشتار بۆ ئاسمان و دابەزینی بۆ سەر زەوی (إبراهیم- وئەوانی تر، 2021، 232). دواتر هۆنەر دەیسەلمێنێت لەبەر ئەو ڕێزو شکۆیە زۆرەی شارەکە وخواوەندەکەیەتی سەرانەو باجەکانی ڕێزلێنان بۆخواوەندی عەشتاری ئەربائیل دەهاتە هەولێر و، لەناوشارەکە پێشکەش دەکران و، وەردەگیران. ئەم باج وسەرانانە زۆرجار داواکراون لەلایەن دەوڵەتی ئاشور و، پاشایانی ئاشوری وەك دەربڕینی ملکەچی یان دڵسۆزی پاشاو فەرمانڕەواکانی هەرێمەکانی دەرەوەی وڵاتی ئاشور وەریانگرتوون، بڕوانە (.MacGinnis, 2013, pp.109-110).

**20.1. عەشتار لەویٚ نیشتەجێیە، (و) نانایا کچی خواوەند سین [...........]،**

**21.1. ئیرنینا،ی پێشەنگی خوداکان، نۆبەرەی خوداوەندە مێیەکان.**

**22.1. شاری دڵ پیٚ خۆشبوون، شاری ڕەزامەندییەکانی نانایا، ئەم شوێنە نیشتمانە!**

**- دێرەکانی(20.1، 21.1، 22.1)؛** هۆنەر دووپات دەکاتەوە کەشاری ئەربائیل مەڵبەندی خواوەندی عەشتارە، دواتر هۆنەر لەخۆشەویستی بۆ خواوەندی عەشتار بەنازناوی (نانایا) وەك کچی خواوەندی سین-خواوەندی مانگ وەسفی دەکات، سەرەتای نازناوی نانایا بۆخواوەندی عەشتار دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەری کۆن لەشارەکانی (وەرکا وکیش) بوکەڵەی چاککراو بەقوڕ بۆ ئەم خواوەند دروستکراوە وپەرستراوە، لەدەقەکانی شاری ئوردا وەك کچی خواوەندی عەشتار ناوی هاتووە و، دواتر دەبێتە شێوەیەك لەشێوەکانی خواوەندی عەشتار(Bienkowski, and Millard, 2000, 237)، ئەم نازناوە جێگیردەبێت بۆ عەشتار بەتایبەت لەسەردەمی کاشییەکان[11](1595-1158 پ.ز)، (Adkins, 2004, 170-177). ئەمجارە هۆنەر ناوی عەشتار بە (ئیرنینا) دەهێنێت، کەنازناوێکی ترە بۆ ئەو خواوەندە مێیە و، بەرابەری خواوەندەکان ودادەی خواوەندە مێینەکان ناوی دەبات، ئیرنینا لەسەردەمی سۆمەریدا خواوەندی ڕووبار وپەیوەندی بەجیهانی ژێر زەوییەوە هەبووە ودواتر لەناسنامە ونازناوی خواوەندی عەشتار جێگیربوو (.Leick, 1999, p.125)، جێگای ئاماژەیە یەکێك لە کلتورە ئایینی وئاکارییەکانی خەڵکی میسۆپۆتامیا ئەوەبوو لەئاهەنگ ومەراسیمەکاندا بۆ ستایشی خواوەندەکان زۆرجار بەنازناو خواوەندەکانیان ناوهێناوە بۆ دەربڕینی ڕێزلێنان و، بەو شێوەیە بۆ خواوەندی عەشتار ئەم نازناوانە باوبوو . دواتر هۆنەر دەڵێت ئەم شوێنە نیشتمانە؟ مەبەستی لەوەیە نیشتمانی خواوەند عەشتارە، چونکە جێگای ڕەزامەندی دڵی عەشتارە.

**23.1. [...............] ئەربائیل بەگشتی [.................]**

**24.1. [لەنێو هەموو] وڵاتان بیٚ ڕکابەرە [...........]**

**25.1. [..............] پەرستگای شادی**

**26.1. [.............] بێگەردەو [................]**

**27.1. [.................] إی-گاشان-کالامما[...................]**

**28.1. [.................] وەکو [....................]**

**29.1. [.........................................................]**

**30.1. [.........................................................]**

**31.1. [.................] مەزنە [....................]**

**[......] پەرستگاو شار [....................]**

**33.1. [.................] ڕۆڵ دەگێڕیٚ[.....................]**

**- دێرەکانی(23.1، 24.1، 25.1، 26.1، 27.1، 28.1)؛** ئەو شەش دێرە زۆری شکاوە، بەڵام لەژێر ڕۆشنایی نەریتە ئایینی وئاکارییە کۆنەکانی میسۆپۆتامیا وکلتوری دەقە ئەدەبیە کۆنەکانیان بۆمان دەردەکەوێت، هۆنەر دوای پیاهەڵدانی بەخواوەندەکە، ئەمجارە دەستدەکات بەوەسفی ماڵەکەی؛ ماڵی خواوەندەکانیش پەرستگاکانیان بوون. (إی-گاشان-کالامما)؛ ناوی پەرستگای خواوەندی عەشتاربووە لەشاری ئەربائیل (هەولێر)ی ئەوسا، کەبەواتای (ماڵی خانمی هەرێمەکان- یان وڵاتەکان) دێت (George, 1993, p.80).

**- دێرەکانی(29.1، 30.1)؛** بەتەواوی شکاون.

**دێرەكانی(31.1، 32.1، 33.1)؛** بەشێكی دێرەكان شكاون، لەگەڵ ئەوەشدا چەند ووشەیەك ماوەتەوە كە تاڕادەیەك دەتوانین لێكدانەوەی بۆ بكەین بەپشت بەستن بەدێرەكانی پێشووتری هۆنراوەكە ولێكدانەوەی. پێمان وایە هۆنەر دەیەوێت بڵێت شاری ئەربائیل وپەرستگای خواوەندەكەی مەزن وگەورەن ورۆڵی گرنگ دەگێڕن لەناوچەكە.

## 2. ڕاڤەكردنی دێرەكانی ڕووی پشتەوەی دەقەكە:

**1.2 [.................] وەكو [....................]**

**2.2 هەموو وڵاتەكان شاددەبن [....................]**

**3.2 ئەوانەی لەئەربائیل دەردەچن وئەوانەیشی دێنە ناویەوە.**

**4.2 شادن، ئەوان دەگەشێنەوەو[....................]**

**- دێری(1.2)؛** شكاوە.

**- دێرەكانی(2.2، 3.2، 4.2)؛** هەموو وڵاتان وخەڵكەكانییان كاتێك دێنە ناوشاری ئەربائیل دڵخۆش دەبن، وە ئەوانەیش كەشارەكە جێدەهێڵن هەر دڵخۆشن (واتە: لەوكاتەی دێنە ناوشارەكە دڵخۆشن لەدەروازەی سەرەكی تاكو تاكو دەروازەكانی كۆتایی شارەكە و، لە خۆشیا دەگەشێنەوە و، هۆكاری دڵخۆشیەكیان لەبەرئەوەیە، ئەم شارە ڕەزامەندی خواوەندی عەشتاری بەدەستهێناوە و، خواوەندەكەش دڵخۆش كردوون، هەربۆیە خەڵكی وڵاتەكان شادن كاتێك سەردانی دەكەن.

**5.2 خانمی خواوەند كەلەسەر شێرێك دانیشتووە؛ لەسەر[....................]**

**6.2 شێرە بەهێزەكان لەژێریدا كڕنۆش دەبەن،**

**7.2 پاشاكانی [هەموو] زەوی لەبەردەمیدا كڕنۆش دەبەن.**

**8.2 [ئەو] كۆنترۆڵی گیانەوەرە دڕندەكان دەكات.**

**9.2 هەموو قوربانیەكان [دەكرێن] بۆ ئاسودەیی جەستە،**

**10.2 هەموو بەخشینە ئاردییەكان [دەكرێن] بۆ ئاسودەیی جەستە،**

**- دێرەكانی(5.2، 6.2، 7.2، 8.2، 9.2، 10.2)؛** لێرەدا هۆنەر وەسفێكی دروستی پەیكەری خواوەندی عەشتار دەكات لەناو پەرستگاكەی لەشاری ئەربائیل و، لەستایشی شكۆی ئەودا دەڵێت: خواوەندەكە لەسەر پشتی  شێر دانیشتووە، واتە: ئەو كورسییەی كەدروستكراوە بۆی، لەلای ڕاست وچەپی كورسیەكە دووشێر هەن ڕاكشاون لەژێرەوە و، لەهەمان كاتیشدا شێرەكان لەحاڵەتی كڕنۆش بردنن. دواتر هۆنەر بەراوردێكی ئەدەبی زۆرجوان دەكات، كە هەڵگری فەلسەفەی ژیان و، ئەندێشەیی تاكی میسۆپۆتامیای كۆنە و دەڵێت: وەك چۆن شێر سەرۆكی گیانەوەرانە، هاوشێوەی ئەوە پاشاكانیش سەرۆكی مرۆڤەكانە و، ئەوانیش لەبەردەمی خواوەندەكە كڕنۆش دەبەن وخواوەندەكەش كۆنترۆڵی گیانەوەرە دڕندەكان ودوژمنەكان دەكات بۆیان، مرۆڤەكانیش بۆ سەلامەتی جەستەیان وپاراستنیان وسوپاسگوزارن وقوربانی دەكەن بە(گۆشت وئاردی گەنم وجۆ).

**11.2 [.................لە] گۆڕەپانەكە درەوشاوەن لەشوێنی خۆیدا.**

**- (دێری11.2)؛** لەودێرەدا ئاماژە دەكات بەوەی لەناو گۆڕەپانی پەرستگاكە شتانێك؟ درەوشاوەن لەشوێنی خۆیاندا(ناوی ئەو شتە لەدەقەكەدا شكاوە)، بەپشت بەستن بەلێكۆڵینەوەمان (بلباس، 2022، 81-83، 88-89)؛ هۆنەر لێرەدا ئاماژە بەو پەیكەرە دروستكراوانە دەكات لەكانزای گرانبەهای وەك: (زێڕ وزیو وبرۆنز- تێكەڵی مس وتەنەكە)، (الجادر، 1985، 246-253) هەروەها بەردی بەنرخ، كەوا خەڵكی خواپێداو نەجیمزادەكان بۆیان دروست دەكرا لای پەیكەرتاشەكان (قالب داڕێژەرەكان)ی شاری ئەربائیل وشارەكانی تر، وەكو قوربانی وبەخشین لەگۆڕەپانەكانی پەرستگایان دادەنا بەباوەڕی ئەوان تكاو نزا بۆ خاوەنەكانیان دەكەن (بلباس، 2022، 36-40).

**12.2. دەهۆڵی ((پیگۆ)) لە [..............] لێ دەدرێ.**

**13.2. قیسارە لە [.....................] دەژەنرێ.**

**14.2. وەکە [.................] ی ((کورگارو)) ئاواز دەچڕێ.**

**15.2. وەکە [...............] دەژەنن بۆ گۆرانییەکانی هیرۆدۆلس،**

**16.2. تەپڵی ((دوبدوبو)) دانراوە بۆ لێدان، ئەو [ان...........] تەپڵە دەفرییەکانن.**

- **دێری(12.2)؛** جۆرێك بوو لە دەهۆڵ، پێووتراوە پیگۆ، ئامێرێکی میوزیکی کۆنە، هۆنەر مەبەستیەتی بڵێت دەهۆڵی ناسراو بە پیگۆ لەناو گۆڕەپانی پەرستگاکان ژەنراوە (Black, and et-al, 1999, 271-272).
- **دێری(13.2)؛** ئامێری قیسارە لەناو گۆڕەپانی پەرستگاکەدا دەژەنرێ، بڕوانە (رشید، 1970، 169، 198).
- **دێری(14.2)؛** ئەنجامدەری ڕێوڕەسمەئاینییەکان ناسراو بە((کورگارو))ش ئاواز دەچڕێ وا دەردەکەوێت یەکێك بووبێت لەچینی کاهینیەکانی پەرستگاو کاری ڕێکخستن وسەرپەرشتیکردنی ئاوازی ئاهەنگەکان بێت، بڕوانە (Black, and et-al, 1999, 168).
- **دێری(15.2)؛** هەموو ئامێرە مۆسیقییەکان دەژەنرێن بۆ گۆرانیەکانی ((هیرۆدۆلس)): کەوا پێدەچێت کۆمەڵێك سرودی تایبەتبن بەبەرزڕاگرتنی خواوەندەکان لەمەڕاسیمەکان لەکات وساتی تایبەت وجیاوازدا ووتراون.
- **دێری(16.2)؛** تەپڵی ((دوبدوبو)) دانراوە بۆ لێدان، ئەو [ان..........] تەپڵە دەفرییەکانن، واتا: ئەو تەپڵانەی کەناویان((دوبدوبو))یە دانراون بۆ داکوتان (رشید، 1970، 142؛ Black, and et-al, 1999, 61). هۆنەر ڕوونکردنەوە لەبارەی تەپڵە ناوازەکان دەدات و، چەند تەپڵێکن بەتەنیشت یەکەوە، تەپڵەکان قوڵن وژێرییان وەك دەفری کانزایی بووەو سەریان لەپێستی گا بووە و، بەتەلی مس؛ پێستەکە لەدەفرەکە بەستراوە، تاکو ئێستاش هەربەکاردێت وەکو ئامێرێکی میوزیکی و، لەئێستادا پێ دەوترێت ( تەربوکە یان Kettledrum ).

**17.2. دڵخۆشە [..............] لەسایەی ستا [یشی......... ئەو].**

**18.2. ئەربائیل شاددەبێت، خەڵك شاددەبێت،**

**19.2. خانم شاددبێت، [...............شاددەبن].**

**20.2. ماڵی [..............] خۆشحاڵ دەبێت،**

**21.2. پەرستاگەی دەڕازێتەوە بەشکۆی [...............]**

**22.2. خانمەکەی پەرستگای ئەربائیل دڵخۆشە، دڵی [..................]،**

**23.2. پێشکەوتنەکانی لە[..................وەکە] بەهۆی خۆشحاڵییەوە درێژتر دەبێتەوە.**

**24.2. [.................] ئەربائیل [.....................]**

**25.2. [با] شارەکەت [..........]، حوکمڕانی بکات [بۆ هەمیشە]!**

- **دێرەکانی(17.2، 18.2، 19.2، 20.2، 21.2، 22.2، 23.2، 24.2، 25.2)؛** واتاکانی ئەم نۆ دێرە بەیەکەوە ماندارترە کاتێك ڕاڤەی دەکەین و، لێرەدا هۆنەر دەڵێت؛ لەشاری ئەربائیل خانمی خواوەند عەشتار دڵی خۆشە، چونکە ستایش دەکرێت، گۆرانی بۆ دەوترێت ومیوزیکی بۆ دەژەنرێت و، قوربانی پێشکەش دەکرێت و، پەرستگاکەی بەئەندازەی شکۆی خۆی ڕازێنراوەتەوە، بەهۆی ئەو هەموو دڵخۆشکردنە، خواوەندەکەش پێشکەوتنەکانی شارەکە درێژدەکاتەوە و، خەڵکەکەشی شاد دەکات. دواتر هۆنەر دەڵێت: لەپای ئەوهەموو کردەوانەت (ئەربائیل) بەرامبەر خانمی خواوەند با شارەکەت حوکمڕانی بکات و، بۆ هەمیشە بمێنێتەوە.

**- ئەنجام وپێشنیار:**

**یەکەم-** ئەم هۆنراوەیە کۆنترین دەقی ئەدەبیە لەبارەی شاری هەولێر و، هۆنەر بەشێوازێکی ئەدەبی جوان وروونبێژییەکی ئاشکرا خوێنەر گۆشدەکات بەگەورەو گرنگی شارەکە وخواوەندەکەی، هەروەها ناوەڕۆکی هۆنراوەکە هەولێر دەناسێنێت بەشاری جەژنە گەورەکان وبەنیشتمانی خواوەندی عەشتاری ئەربائیل ناوی دەبات. هەرچەندە ئەم هۆنراوەیە لەدەرەوەی سنووری شارەکە وبەدووری زیاتر لە 400کم لەباکوری ڕۆژئاوایەوە دۆزراوەتەوە. پێمان وایە ئاڕاستەکراون بەمیکانیزمێکی ڕێك وپێك و، پێم وایە ئەم

هۆنراوەیە سەرەڕای ئەوەی کۆنترین هۆنراوەیە لەهەمان کاتدا دەتوانین بڵێین یەکەمین سروودی نیشتمانی شاری هەولێربووە لەوسەردەمە.

**دووەم-** ئەگەر هۆنراوەکە دووچاری شکانی زۆر نەبووایە، ناوی نووسەری خشتە مێخیەکە بهاتایە و، ڕەنگە نووسەر یەکێك بووبێت لەنووسەرانی پەرستگای عەشتاری ئەربائیل لەسەدەی حەوتەمی پێش زایین.

**سێیەم-** لە شرۆڤەکردنمان بۆ هۆنراوەکەی ئەربائیل (هەولێر) ودواتر لێکدانەوەیەکی شوێنەواریانە، بۆمان دەرکەوت هەولێر شارێکی گەورە وگرنگی قەڵەمڕەوی ئاشوریەکان بووە، خاوەن ناوبانگێکی گەورە بووە لەسەراپای میسۆپۆتامیا لەسەدەی حەوتەمی پێش زایین، وبەتایبەت لەسەردەمی ئاشوربانیپال دەبێتە شارێکی ئایینی ڕێزلێنراو لای دەوڵەتی ئاشور، شارەکەو خواوەندەکەی (عەشتاری جەنگ) ڕکابەری پایتەختی ئاشور خواوەندی ئاشوری دەکرد لەناوبانگدا و، هاوشێوەی بابل بووە لەهەڵکەوتەی پێکهاتە بیناسازییەکانی شارەکە کەچەقی شار مەڵبەندێکی گەورە بووە و، زەقورە وپەرستگاو کۆشك وشورای بەرز ودیواری بەهێزی هەبووە، کەئەمەش کۆمەڵە خەسڵەتێکن تەنها پایتەختەکانی ئاشوری هەیانبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەولێر وەك پارێزگایەك مامەڵەی لەگەڵکراوە، ڕۆڵی ستراتیجی وسیاسی گەورەی هەبووە لەهاوکێشەکانی دەوڵەتی ئاشوری ئەوسا.

**چوارەم-** پێمی وایە واتای ناوی کۆنی شاری هەولێر (LIMMU2-DINGIR) ڕابەری تەنها پەرستنی چوارخواوەند ناکات لەشارەکە، چونکە هاوداڕشتەی ناوی ئەربائیل هەیە لەداڕشتەی ناوی شارە کۆنەکان، بۆ نموونە: ناوی کۆنی شاری کەرکوك کەبە (أرابخا) (LIMMU2-ḫa) هاتووە، ماناکەی شاری (چوار ماسی)یە. کەئەمەش دەیسەلمێنێت مانا داڕشتەییە زمانەوانییەکەی ئاماژە نییە بۆ واتای تەواوی ناوی شارەکە و، پێمان وایە ووشەی (LIMMU2 -چوار) زیاتر ئاماژەیەکی جوگرافییە و، هەڵگری پەیامێکی ئایینی کۆنترە وەك (چوارلای جیهان- باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ورۆژئاوا)یە و، ئاڕاستەکانی جیهان بەپێی نووسراوەکانی بابل خاکی (سوبارتو)یە واتە باکوور و، خاکی (ئەکەد) باشوور و، (عیلام) ڕۆژهەڵات و، خاکی (ئامورۆ) خاکی شامە. چوار ئاڕاستەکە لەسەرەتا بەزمانی سۆمەری وئەکەدی ئاماژەیان پێکراوە، ئەمەش بەڵگەیە وئاماژەیەکی گرنگە بەو شارە کۆنانەی مێژووی شارنشینیان بۆ هەزارەی چوارەم وسێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. پێمان وایە لەشاری (ئەربائیل- هەولێر) زیاتر لە (چوار خواوەند) پەرسترابن، بەڵکو داڕشتەی ناوەکەی لەسەردەمی سۆمەرییەوە سەرچاوەی گرتووە، شارێکی خوری نشین بووە و، شوێنی پەرستنی چوارخواوەندە سەرەکیەکە بووە، وەك خواوەندەکانی (ئانۆ-ئاسمان، إنلیل-هەوا، ئینکی-زەوی وئاو، ننخرساگ-زۆربوون وچیاکان) کەلەسەر ئاستی شارەکانی تر پێوەی بەناوبانگ بووە، جگەلەخواوەندەکانی تر، کەدواتر لەلایەن ئاشورییەکانەوە (عەشتاری هەولێر بەپلەی یەکەم، وئینلیل وخێزانەکەی "ننلیل" بەپلەی دووەم) باڵاتر کراون.

**پێنجەم-** گەیشتین بەوەی لەسەدەی حەوتەمی پێش زایین، لەو ڕووگە ئایینیانەی ئەربائیل، جگە لەوەی شوێنی پەرستن ونوێژکردن بوون، میوانانی هاتوو بۆ پەرستگای عەشتاری لەناو شاری ئەربائیل، بەشێکیان شەوان لەناو ژووری تایبەت لەپەرستگاکەی ئەربائیل لەخەڵوەت و پشوودان و، خزمەتکراون. ئەمەش دەیسەلمێنێت شاری هەولێر بەرلەهاتنی ئیسلام ودروستکردنی خان بۆ کاروانسەرا، لەپەرستگای ئەربائیل بەشێوەیەك کاوانسەرا بووە.
شەشەم- هۆنەر لەهۆنراوەکەدا زۆر دانایانە داڕشتنی دێرەکانی کردووە لەسەرەتادا وەسفی شاری ئەربائیل دەکات و، دواتر پیاهەڵدان بۆ خواوەند (عەشتاری ئەربائیل) دەکات و، لەکۆتاییدا بەوەسفی پەرستگاکانی کۆتایی بەهۆنراوەکە دێنێت، چونکە ماڵی خواوەندەکان ڕووگە و، پەرستگاکانن.

**شەشەم-** پێشنیار دەکەم توێژەران وشوێنەوارناسان، هاوشێوەی ئەوەی بۆ هەولێر کاری زانستیان کردووە لەڕووی مێژوو و، شارستانیەت و، هونەرەوە کاریان بۆیکردووە، گرنگیش بدەن بەو دەقە ئەدەبیە کۆنانەی وەسفی شارەکەیان کردووە، جا ئەم باسە ڕێژەیی، یان بەرەهایی بێت باشترە، چونکە ئەم دەقانە جگە لەوەی وێنەیەکی نەریتی و، کلتوری شارەکە لەوسەردەمە نیشان دەدەن، هاوکات ڕاستی مێژوویی ونەریتە ئایینی و، کۆمەڵایەتییەکانی ژیارو ژیانی شارەکە ڕووندەکەنەوە.

**- پەڕاوێزەکان:**

**(1) سوڵتان تەپە:** گردێکە بەرزیەکەی ٥٠ مەترە. شوێنەوارەکانی سەردەمی برۆنزی وئاسن لەهەزارەی دووەم ویەکەمی پێش زایین لەخۆ دەگرێت. ناسراوترین چینەکانی گردەکە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە سەردەمی ئاشووری نوێ، لە کوردستانی باکوری ئێستا، لەپارێزگای شانلی ئورفە. گرنگترین دۆزینەوەی شوێنەواری (سوڵتان تەپە) ئەرشیفێکی خشتی قورین بوو، کە دەقی جۆراوجۆری سەردەمی ئاشووری تێدابوو. کتێبخانەکە پێکهاتبوو لە نزیکەی ٦٠٠ خشتی نووسراو کەلە دەرەوەی ماڵێکی پیاوی ئاینی شارەکە دۆزراونەتەوە. دەقەکانی زانستی ووێژەیین، وەك (بیرکاری، وئابووری، وپزیشکی وئایین)ی لەخۆدەگرن، لەوانەش سروود و دوعا و پێشبینی (Lloyd, S., and Gokçe, N., 1953, p.27).

**(2)** دەتوانرێت لەڕوانگەی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەوە لێکچوونێك بدرێت لەنێوان هۆنینەوەی هۆنراوەکانی ئاشوری نوێ لەگەڵ هۆنراوەی بابلی نوێ، بەشێوەیەك کەناوی خواوەندی ئاشور خواوەندی نەتەوەی ئاشوری لەجیاتی مەردوك خواوەندی نەتەوەیی بابلی جێگیرکراوە، وەك لەداستانی دروستکردنی گەردوونی ئاشوری وبابلی (ئینومائیلیش-خشتە مێخییەکانی یەکەم و سێیەم) سەرەڕای لێزانی نووسەری ئاشوری، بەڵام دەستکاری دەقەکە پێوەی دیارە تائەو ڕاددەیەی کەداستانێکی تری بابلی بەرهەمهێنراوە، بەڵام ئاشور ڕۆڵی مەردوك دەگێڕێت، کەئەمەش هەوڵێکی ئاشکرایە بۆ بەئاشوریکردن کەتەنها ناوی خواوەندەکە گۆڕاوە، بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە (Livingstone, 1989, pp.xx-xxv).

**(3) ئور:** شوێنەواری شارێکی سۆمەرییە، دەکەوێتە (گردی موقیر)ی ئێستا لەباشوری عێراق، وچەند کیلۆمەترێك لەشاری ناسرییەوە دورە (ناوەندی پارێزگای زیقار). دەکەوێتە چەمی ڕووباری فورات لەکەنداوی عەرەبی، بەلام ئێستا کەوتۆتە ناوچەیەکی دور لە ڕووبارەکە، بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ڕێڕەوەی فوراتدا هاتووە، بڕوانە (باقر، 2009، 21-23).

**(4) ئەرشیفی دەوڵەتی ئاشوور (SAA):** زنجیرەیەک چاپی دەقی ڕەخنەگرانەی کۆن و، دەقە نوێی ئاشوورییەکانە، بە پلەی یەکەم ئەوانەی لە کۆشکە پاشایەتییەکانی نەینەوا، بەڵام هەندێک دەقی شوێنەکانی دیکەش لەخۆدەگرێت، کە بەپێی مێژوویی دەق ڕێکخراون. لەوحەکانی ئەرشیفی شاهانەی نەینەوا زۆربەیان زیاتر لە سەدەیەک لەمەوبەر، لە سەرەتای ئاشووریناسیدا دۆزراونەتەوە. لە کاتێکدا زۆربەی ئەم لەوحانە لانیکەم بە کۆپی چاپ کراون، بەڵام ئەم بڵاوکراوانە زۆربەیان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم یان دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم. لەمڕۆدا زانیاریمان لەسەر ئاشووری زۆر پێشکەوتووە و لە کاتێکدا بڵاوکراوەکانی پێشوو باشترین بوون کە لە سەردەمی خۆیاندا دەکران، بەڵام ئێستا چەندین لێکدانەوە باشتر لەبەردەستماندایە. جگە لەوەش، بەدرێژایی ساڵانی (1987- 2018) ئەم زنجیرەیە توێژینەوەیە بەردەوامبوون. زۆرێک لەو دەقانە  پێشوتر هەرگیز بە شێوەیەکی گونجاو وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی. زۆر کەمیان بە فەرهەنگ وپێوەرەکانی تەواوەتی ناوی کەسی وجوگرافی بڵاوکراونەتەوە. بەشێوەیەك ڕێکخراوە پسپۆڕان (سەرنوسەران) کارە تەواوکراوەکان دەگەڕێننەوە بۆ ستافی زانکۆی هێلسنکی کە ستافی پرۆژەکە بنکەدراوە لە کۆکردنەوەکانەوە ونوێی دەکەنەوە وبەرگەکە ئامادە دەکەن بۆ بڵاوکردنەوە. بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە تیمییە بەو مانایەیە کە کارکردن لەسەر ژمارەیەک بەرگ دەتوانرێت بە شێوەیەکی یەکسان بەردەوام بێت وزانیارییەکانی دەتوانرێت لە نێوان هێلسنکی و سەرنوسەراندا بگوازرێتەوە کە نزیکەی لە چرکەیەکدا ڕێگە دەدات ڕیتمێکی کارکردنی نەرم و نیان بپارێزرێت، کەئەمەش وایکردووە کارێکی گەورە لەبواری زانستی شوێنەواری پێشکەش بکات.

**(5) هووشەکاری:** لەئەدەبی کوردی ئەوەیە هۆنەر باسی شتێك بکات و، لەو باسکردنەدا بەتەواوی پێی هەڵبڕێ و، هووش بکاتێ، بڕوانە(گەردی، 1972، 101. بڕوانە دێڕەکانی (2.1، 3.1، 4.1، 5.1) لەناو هۆنراوەکەی ئەربائیل هووشەکاری ڕوون وئاشکرا دەبینین.
**(6)** شایەنی باسە جگە لەشاری ئەربائیل، لەچەندین شارەکانی تری میزۆپۆتامیا وەك نیبور و، کیش و، بابل و، نینوی و، ئاشور پەرستگای هاوبەش هەبووە، واتە دوو خواوەند یان زیاتر سەکۆی پیرۆزیان هەبووە لەناو پەرستگاکە، بەڵام پەرستگاکە بەناوی خواوەندە سەرەکیەکەوە ناوبانگی هەبووە. بۆزیاتر بڕوانە (George, 1993, pp.90-96.).

**(7) ئینلیل:** نێرە خواوەندێکی کۆنی میسۆپۆتامیایە، بەبیروڕای ئەوان بەرجەستەی (هەوا وهەناسە)ی دەکرد. خواوەندێکی هەرە کۆنە ومێژووی هاتنی ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نووسینە وێنەییەکانی سەردەمی وەرکا (3500-3100پ.ز) ومانای ناوەکەی (ئین-لیل) واتە: نێرە- ڕابەری هەوا و ژنەکەی (نین-لیل) واتە: مێیە- ڕابەری هەوایە. بەدرێژایی گشت چاخەکانی مێژوویی لەمیسۆپۆتامیا

پەرستراون و، ئینلیل لەزۆربەی داستانەکاندا ڕۆڵی خواوەندێکی توندو تیژو تۆڵەستێن دەگێڕێت، بۆ زیاتر بڕوانە (لابات، 2004ب، 525).

**(8) ئانۆ($^{d}$AN):** ئێرە خواوەندی ئاسمان بووە و، گەورەترین پلەی خواوەوەندی هەیەو بەباوکی گشتیان دەناسرێت بەبیروڕای خەڵکی میزۆ پۆتامیای کۆن، کۆنترین ئاماژە بۆناوی ئەم خواوەندە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی چوارەم ولەشاری وەرکا دۆزراوەتەوە بەشێوەی ئەستێرەی هەشت لا ئاماژەی پێکراوە کەدواتر دەبێتە هێمای ئاماژەدان بەپلەبەندی خواوەندی ولەپێش ناوەکانیان دێت. هێما هونەرییەکەی تاجێکی شاخدارەو مەڵبەندی پەرستنی لەبەری ڕۆژئاوای شاری وەرکا بوو، بڕوانە (بوتیرو، 2005، 50).

**(9) بابل:** بەدووری 90کم لەباشوری شاری بەغدادەوەیە، ناوی کۆنی شارەکە (باب-ایلو)یە، بەواتایی (دەروازەی خواوەند)دێت. هەرچەندە مێژووی نیشتەجێبوونی شارەکە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە، بەڵام کۆنترین ناوهێنانی شارەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدی(2300-2275 پ.ز). یەکێکە لە بەناوبانگترین شارە کۆنەکانی جیهان، لەقورئانی پیرۆز لەسورەتی (البقرە) لەئایەتی(102) ناوی هاتووە، هەروەها لەکتێبی پیرۆز ناوی هاتووە، وهیرۆدۆتس کەبەباوکی مێژوو ناسراوە سەردانی کردووە لە 450 پ.ز، بۆ زیاتر بڕوانە (روثن، 1984، 14).

**(10) ئاشور:** یەکەم پایتەختی نەتەوەیی ئاشوریەکان بوو، کەلەئێستادا بەقەڵای شەرگات ناسراوە، دەکەوێتە بەری ڕاستی ڕووباری دیجلە بەدووری 10کم لەشارۆچکەی شەرگات ودووری 110کم لەباشوری موسڵ، بۆ زیاتر بڕوانە (صالح، 1987، 22-26).

**(11) کاشییەکان:** گەلێکی کۆنی زاگرۆسن لە دەوروبەری سەدەی ١٦ تا ١٢ پێش زایین حوکمی خوارووی میزۆپۆتامیایان کرد، کاشییەکان توانیان فەرمانڕەوایی بابلی کۆن بڕوخێنن وبنەماڵەی خۆیان دابمەزرێنن کەبە سەردەمی بابلی ناوەڕاست ناسراوە. لە ماوەی حوکمڕانیدا پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ شانشینەکانی دەوروبەریان پاراست وهاوسەرگیری دیپلۆماسییان لەگەڵ فەرمانڕەواکانی دەوڵەتانی دیکە ئەنجامدا بۆ بەهێزکردنی هاوپەیمانییەکان. هەروەها چاکسازیی ئیدارییان جێبەجێ کرد وپراکتیزەی ئایینی نوێیان هێنایە ئاراوە، کە توخمەکانی کولتووری ڕەسەنی زاگرۆسی خۆیان لەخۆگرتبوو، هەموو ئەمانە وایکرد بۆ ماوەی چوار سەدە حوکمی باشورو بەشێکی ناوەڕاستی میزۆپۆتامیا بکەن کەدەسەڵاتەکەیان لەبابل تاکو بەشێك لە شارەزوور وناوچەکانی کوردستانی سوریا بوو، بڕوانە (Adkins, 2004, pp.170-177).

**- لیستی سەرچاوەکان:**

**- سەرچاوە کوردییەکان:**

- ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، (2008): کوردستانی ناوەڕاست لەنیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز. دا، چاپی2، بنکەی ژین، سلیمانی.
- خۆشناو، نەریمان عبدالله، (2013): ڕێزمانی کوردی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- گەردی، عەزیز، (1972): ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردی دا، هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- إبراهيم، نعمان جمعة- وآخرون، (2021): المفهوم الديني للمعابد في بلاد الرافدين، مجلة دراسات في التأريخ والآثار، العدد78، بغداد.
- ئاكره يى، عماد شاكر أحمد، (2019): المعتقدات الدينية في كردستان حتى نهاية الألف الثاني قبل الميلاد، أطروحة الدكتوراه غير منشورة، جامعة دهوك، كلية العلوم الإنسانية، التأريخ القديم.
- باقر، طه، (2009): مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، جزء1، دار الوراق، بيروت.
- بلباس، كاروان صديق بكر، (2020): المعابد الطولية من عصر العبيد حتى نهاية العصر البابلي القديم (4000-1595ق.م)، دارتموز، دمشق.
- بلباس، كاروان صديق بكر، (2022): الطرز العمارية للمعابد في بلاد الرافدين من الألف الرابع قبل الميلاد حتى منتصف الألف الأول قبل الميلاد (دراسة آثارية عمارية)، أطروحة الدكتوراه غيرمنشورة، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، قسم الآثار.
- بوتيرو، جان، (2005): الديانة عند البابليين، ترجمة: وليد الجادر، سورية.
- الجميلي، عامر عبدالله، (2001): الكاتب في بلاد الرافدين القديمة، الموصل.
- الجادر، وليد، (1985): صناعة التعدين، حضارة العراق، الجزء2، بغداد.
- رشيد، صبحي أنور، (1970): تأريخ الآلات الموسيقية في العراق القديم، بيروت.
- روثن، مارغريت، (1984): تأريخ بابل، ترجمة: زينة عازار وميشال أبي فاضل، طبعة2، بيروت.
- رينغر، يوهانس، (1979): مدينة بابل أثناء العهد البابلي القديم، مجلة سومر، مجلد35، جزء1-2، بغداد.

- ساغز، هارى، (2008): عظمة آشور، ترجمة: خالد أسعد عيسى- وأحمد غسان سبانو، دار رسلان، دمشق.
- صالح، قحطان رشيد، (1987): الكشاف الأثري في العراق، بغداد.
- عودة، ناصر محمد مكاوى- وزيبارى، عزيز محمدأمين عزيز، (2017): عشتار ومدينة أربيل، دراسات في التأريخ والآثار، العدد61، مجلة علمية محكمة، الترقيم الدولي:ISSN:2075-3047، بغداد.
- القرەداغي، رافدة عبدالصمد، (2008): كردستان العراق في التأريخ القديم في ضوء النصوص المسمارية من الألف الثالث ق.م حتى 612ق.م، أطروحة الدكتوراه، غير منشورة، جامعة السليمانية، كلية العلوم الإنسانية، قسم التأريخ.
- لابات، رينية، (2004): قاموس العلامات المسمارية، ترجمة: الأب البير ابونا- وآخرون، منشورات مجمع العلمي/بغداد.
- لابات، رينيه، (2004ب): المعتقدات الدينية في بلاد وادي الرافدين -مختارات من النصوص البابلية- ، ترجمة: الأب ألبير أبونا، طبعة ثانية، بغداد.
- لوكاس، كرستوفر، (1980): حضارة الرقم الطينية وسياسة التربية والتعليم في العراق القديم، ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروة، بغداد.
- النعيمي، راجحة خضر عباس، (2011): الأعياد في حضارة بلاد وادي الرافدين، سوريا.
-

**- سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

- Adkins, L., (2004): Empires of the plain, Macmillan.
- Bienkowski, P., and Millard, A., (2000): Dictionary of the Ancient Near East, Philadelphia.
- Black, J., George, A., and Postgate, N., (1999): A concise dictionary of Akkadian, Harrassowitz Verlag, Wiesbaden.
- Ebeling, e. (1952/53): Ein Preislied auf die Kultstadt Arba-ilu aus neuassyrischer Zeit, (jahrbuch für kleinasiatische forschung), Vol. 2, pp.274-282.
- George, A.R., (1993): House most High the temples of ancient Mesopotamia, Indiana.
- Leick, G., (1999): A Dictionary of Ancient Near Eastern Mythology, London.
- Livingstone, Alasdair, (1989): Court Poetry and Literary Miscellanea, State Archive Assyria, Vol.3, Helsinki University Press.
- MacGinnis, J., (2013): Erbil in The Cuneiform sources, Erbil.
- Metcalf, CH., (2015): The gods rich in praise: Early Greek and Mesopotamian Religious Poetry, UK, pp.1-12.
- Russell, J.M., (1999): The Writing on the Wall, studies in the architectural context of late Assyrian palace Inscriptions, Indiana.
- Seton Lloyd, and Nurı Gokçe, (1953): "Sultantepe: Anglo-Turkish Joint Excavations, 1952" Anatolian Studies, Vol.3, pp. 27-47.
-

**كاروان صديق بكر بلباس**
قسم الآثار، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-أربيل
karwan.bekr@su.edu.krd

**ملخص:**
يسلط هذا البحث المعنون "المدح الديني لأربائيل في الأدب الآشوري الحديث في ضوء قصيدة شعرية لآشوربانيبال (668-627 ق.م)" الضوء على أهمية مدينة أربائيل (هَولير) في تاريخ وحضارة بلاد الرافدين في القرن السابع قبل الميلاد. من حيث النص المسماري المترجم، فهو عمل مهم من الأدب الآشوري، حيث كُتب تحت الإشراف المباشر للملك الآشوري نفسه. ومع ذلك، فقد تلف جزء كبير من النص لأسباب طبيعية وأخرى من صنع الإنسان. ومع ذلك، فإن هذه الدراسة تحلل هذه القصيدة في علاقتها بقصائد أخرى كتبت لعواصم آشورية مشابهة لمدينة أربائيل في القرن السابع قبل الميلاد. ويستند الباحث في دراستها على التحليل النظري وعلم الآثار المقارن، وتفسير النتائج التي توصلت إليها هي نتيجة وتأثير قراءة العديد من النصوص الأدبية والدينية المشابهة. وقد حاول الباحث دراسة نصوص أدبية مهمة، أي دراسة مفصلة لقصيدة كتبت قبل 2600 سنة باستخدام مناهج أثرية دقيقة معتمداً على السمات القديمة للتقاليد والثقافة الآشورية في السياق الأثري وتحليلها من خلال التقييم الأدبي. تكمن أهمية هذه الدراسة في كونها أول تحليل مفصل وشامل لنص أدبي تاريخي مهم من العصور القديمة من حيث الفكر الديني القديم والثقافة والحياة والحضارة القديمة، وتوضيح المبادئ الدينية القديمة لمجد المدينة.

**الكلمات المفتاحية:** مدينة اربائيل، الالهة عشتار، معبد عشتار، الآشوريون، آشوربانيبال.

## Religious Commendation of Arbail (Erbil) in New Assyrian Literature in the Light of the Poetic Poem of Ashurbanipal (668-627 BC.)

**Karwan Saddiq Bekr Blbas**
Department of Archaeology,College of Arts,
Salahaddin University -Erbil
karwan.bekr@su.edu.krd

**Abstract**

This research is entitled (Religious commendation of Arbail (Erbil) in New Assyrian literature in the light of the poetic poem of Ashurbanipal (668-627 BC.), highlights the importance of the city of Arbail (Hewler) in the history and civilization of Mesopotamia in the seventh century BC. From the perspective of the translated cuneiform text, it is an important work of Assyrian literature because it was written under the direct supervision of Assyrian kings themselves. However, much of the text has been destroyed for natural and human reasons. However, this study is analyzed by the researcher in the context of other poems written for other Assyrian capitals similar to the city of Arbail in the seventh century BC. The research is based on theoretical analysis and comparative archaeology, and the interpretation of the research results is the result and effect of reading many similar literary and religious texts. The researcher tried to study an important literary text, an in-depth study of a poem written 2600 years ago in a precise way in archaeology, which relied on ancient features of Assyrian traditions and culture in an archaeological context and analyzed through literary evaluation. The significance of this research is that for the first time an ancient historical literary text is analyzed in detail and comprehensively relevant in terms of ancient religious thinking, culture, life and civilization, and explains the ancient religious principles of the glory of the city.

**Keywords:** Arbail City, Ishtar Goddess, Ishtar Temple, Assyrians, Ashurbanipal.